خوێندنەوەی کتێب:

# (دۆنی ئارام) ململانێی نێوان خیانەت‌و عشق‌و جەنگ

## قوربانیبوونی ژن‌و پیاو

ئەنوەر حسێن (أ. بازگر)



میکایل شلۆخۆف

"ڕۆماننووسی سەرکەوتوو پیاوێکە بەڕاستگۆیەکی سەیرەوە درۆدەکات یان درۆزنێکەو ڕاستیەکان دەڵێ"

ئەحلام مستخانمی

"جــەنگ وڵاتــی کردۆتــە کابوســستان‌و لاوان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کراون. ژنان ئاڵۆشبوون‌و کەوتوونەتە ڕابواردن، بووکەکەی ئەم ماڵ لەگەڵ مێردی ئەو ژن ڕادەبوێری‌و دەستی تێکەڵکردووە، ژنی ئەو ماڵ ڕەدوکەوتووەو ئابڕوی خێزانەکەی بردووە، ئەو پیاو ژنی یەکێکی تری هەڵگرتووە،

بـــووك لەگـــەڵ خـــەزوری رادەبـــوێرێ، کێـــشە کۆمەڵایەتییـەکان سـەرتاپای گونـدی گرتۆتـەوەو جـەنگ دەیـان کێـشەو گیروگرفتـی دروسـتکردووە، هـەژاریو نـەداری ولاتـی وێرانکـردووەو ئـارامی نەهێشتۆتەوە".

ئەوانـەی سـەرەوە پانۆرامـای رۆمـانی "دۆنـی ئارام"ی "میخایل شۆلۆخۆف"ی نووسەری گەورەی روسو خاوەنی وەرگری خەلاَتی نۆبڵە.

ئـەم رۆمانـە کـە رۆمـانێکی ریـالیزمو واقیعـی مێژووییە روداوەکانی لە"تاتارسك" گوندێکی سەر روبـاری "دۆن"ی روســیایە لەســالأنی جــەنگی جیهـانی یەکـەم روودەدات. بـاس لەشۆڕشـی ئۆکتۆبەری مەزنی لینینو شەڕی ناوخۆ دەکات.


شـەڕ وادەکـات لەیـەك خێزانـدا دووبـرا بکەونـە دووبەرەی دژبەیەك لەجەنگداو ژنەکانیان تووشـی کێشەو قەیرانو لادانی سێکسی بن.

جیـا لـەوەی ئـەم رۆمانـە واقعێکـی کۆمـەڵگای روسـیایە تایبەتمەنـدی جیاوازیـشی هەیـەو زۆر نزیکـە لـەعاداتو سـوننەتی کۆمـەڵگای کـوردیو کێشەکانی جەنگو ژنان.

پیـــاوێکی بەتەمــەن میلیخـــۆڤ لەتاتارســـك قوتبووەوە کە خـەڵکی گونـد زۆر رقیـان لـەخۆییو ژنـە تورکەکـەی بـوو بەمـشێوەیە پـاش چـەند سـاڵ (منالێکیان) بوو، دواتر هـەردووکیان مردنو دواتر ئەویش دوو کوڕی بوو "پێتەرو گریگۆری".

لەم رۆمانەدا وەك پیشەی هەمیشەیی نووسـەرە روسـەکان جیـا لـەریالیزم لەکارەکانیانـدا، وێنـەی جـوان جوانوزمـانێکی سـادەو لادێـیو وەسـفی سروشتی هەستپێدەکرێت.

نووســـەرانی وەك شـــۆلۆخۆڤو ئیتمـــاتۆف، نموونەی گەورەی ئەم ئەدەبو جۆرە نووسینانەن




بەرگی کتێبەکە بەعەرەبی

کـە زمـانی لادێو وەسـفی سروشـتیو واقعیـەتی کۆمـەڵگا پانتاییـەکی گـەورەی نـاو رۆمانەکانیانـە، جیـا لـەوەی دەقـەکان هێنـدە واقیعـیو کاریگـەرن. ناکرێـــت زۆربـــەی کۆمـــەڵگا گوندنـــشینەکانو بەتایبەتی خۆرهەلأتیەکان لەو واقیعەتە بەدووربن.

رووداوەکـانی سـەرەتا بەڕاوەماسـیو مانگـا دۆشینو کاری گوند دەستپێدەکات کە بەیانی زوو پانتلاو گریگۆری کوڕی دەچنە راوەماسی لـەپێناو پەیداکردنی بژێوی ژیاندا.

جـەنگی زۆرەملـێ سـێ لاوی گونـد بـەرەو سـەربازی راپێـچدەکات (پێتـەرو سـتێپانو کریستۆنیای).

هێـشتا سـتێپان نەڕۆیـشتووە، سـەرەتای پەیوەنـدی عـشقو رابـواردنی نێـوان گرێگـۆریو ئەکسینیای ژنی ستێپان دەسپێدەکاتو گرێگۆری

دەڵـێ: خـەمت نـەبێ مێردەکـەت ڕۆیـشتوەو کـەڵکم دەبێت بۆتان.

لێـرەدا دیـالۆگێکی چـڕ لـەنێوان هـەردووکیان دەسـتپێدەکاتو سـەرەتای عەشـقێکی گومانـاوی نێوانیان دەستپێدەکاتو نووسەر هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت بڵێ ژن چەند پڕە لەعەشق هێندەش پڕە لەخیانەتو هەرگیز وەفادار نییە بەرامبەر مێردو خۆشەویـستەکەیو هــەر زوو ئەکـسینیا لەگــەڵ گریگۆری دەستی تێکەڵکردو خۆی تەسلیم کردو عەشقو وەفای مێردەکەی لەبیرکرد.

بەمشێوەیە یەکەم خیانەت لەسەر دەستی ژن، بـەلام بـەملی جـەنگ دەسـتپێکرد دیـارە نووسـەر دەیـەوێت بڵێـت هـەموو بـەلاو کێـشەکانی کۆمـەڵگا لـەملی جـەنگو قـەدەری جەنگدایـە، جیـا لـەوەش نووســەر دەیــەوێت بڵێــت تــا عــاداتو تقالیــدە کۆنخوازو سوننەتیە بۆگەنەکانی کۆمەڵگای فئودالی بمێنێت ئەم کێشەو ئابڕوچونو خیانەتانە بەردەوام دەبن. چونکە ئەکسینیا هەر لەو کاتەی کە کچ بوو لەکێڵگــە لەگــەڵ بــاوکی کــاری دەکــرد بــاوکی دەستدرێژی کردە سەرو کردیە ژنو ئەمەش وایکرد کوڕەکـەیی و ژنەکـەی بیکوژنو پـاش کـەمتر لەیـەك سـاڵ ئەکسینیا شـوودەکات بەسـتێپان. بـەلام بـەو پێیــەی ژن شــەرەفی خێــزانو خێــڵو کۆمەڵگایــەو نەمانی پەردەی کچێنیو بێ بن بوونی ئەکسینیاش ئەوەی لێکەوتەوە کە ئاشکرا بێتو ئابڕوی بچێت.

لەسەردەستی مێردەکـەی مـاوەی هـەژدە مـانگ زینـدانی دەکرێتو هـەردوو گوێی مـەمکی سوتاندو بەقامچی کەوتە لێدانی، چونکە پێشتر باسی ئەوەی نەکردبوو کە کچێنی نەماوە.

نووسـەر لێرەدا دەیـەوێت سـەرنجی خوێنـەر بـۆ ئەوە ڕاکێشێت کە ژن هەمیشە قوربانییەو پیاویش جـەلادە ژنو پیـاو خیانــەتکارن، بــەلام کۆمــەڵگا هەمیـشە بـێ مـافو ناعەدالـەتی کـردووە بەرامبـەر بەژن.

دووری ئەکــسینیا لەمێردەکــەی تــا ئــارەزوە سێکسیەکانی دامرکێنێتـەوە سـۆزو خۆشەویـستی بـداتێ، وایکـرد پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ گریگـۆری دراوســێدا هــەموو گونــد بزانــێو بەئاشــکراش بــەباوکی گریگــۆری بڵــێ: بــەڵێ خۆشمــدەویو بنووسە بۆ ستێپانی مێردم.

پــانتێلا لەســـیحرو نهێنیـــەکانی عـــشقو خۆشەویـستی نـەدەزانی، بۆیـە هـەر زوو پـەلاماری هــــەردووکیانی داو ئــــەوەی بەئابڕوچــــوونو لەکــەداربوونی دراوســێکەیان دەزانــی ئەمــەش سـادەترین بیرکردنـەوەی خێڵـە کـە هـەموو شـتێ بەئابڕوچــوون دەزانــێو زۆر ڕێــز لەســوننەتو تەقالیدەکانی کۆمەڵگا دەگرێت.

ئـاخر ئـەو دەیزانـی گـەر ستێپانی مێـردی ئەمـە بزانێ بەزم دەقەومێت بۆیە هـەر واش دەرچوو، ئـەم هەواڵـە لـەئۆردوگای نێـوان گریگـۆریو ئەکسینیا جیــــا لــــەوەی پانتاییــــەکی زۆر ڕۆمانەکــــەی داگیرکردووە لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك ماناو ڕەهەندی جیاواز جیاوازیشی لەخۆگرتووە لەبابەتی.

"عشق، خیانەت، شەڕو ئاژاوە، سێکس، نهێنی، جوانیو ناشیرین ئەمانـەش لەسیفاتەکانی عشقو خۆشەویستین. جیا لەوەی مەسەلەی جادوو فاڵ کە زۆرتــر ژنــان پــشتی پــێ دەبەســتن، دەرخــستنی ڕویـەکی تـری خورافاتو سـوننەتەکانی کۆمـەڵگای خێڵــەو کــە چــۆن ئەکــسینیا پــەنا دەباتــە بــەر فاڵگرتنــەوە تــا خۆشەویــستەکەی ژن نــەهێنێتو تەنهاو تەنها بۆ ئەو بێو داوای لێدەکات با هـەڵبێن بۆ شوێنێکی دوور.

راستی ئەکسینیا، جیا لەوانە ئەو کات دەردەکەوێت کە ستێپان دەگەڕێتەوە کە بەئاشکرا دەڵێ، لێمدە لێت ناشارمەوە نوقمی تاوان‌و گوناهم.

بۆیە، مێردەکەی بەردەوام لێی دەداو هەردوو گۆی مەمکی بەئاگر داخ دەکات، بەڵام ئەمانە ئەوەندەی تر پەیوەندییەکەی لەگەڵ گریگۆری گەرمتر دەکرد.

بەڵام رووداوەکان زیاتر ئاڵۆزدەبن، کاتێک گریگۆری بڕیار دەدات ناتالیا بخوازێت‌و پاش چەند رۆژ دەبێتە ژنی‌و بڕیار دەدات لەبەرامبەر سۆزو خۆشەویستی پیاوەکەی پەیمانی ملکەچی‌و دڵسۆزی دەربڕێ بۆ پیاوەکەی.

وەکو عاداتی گوند، هەمیشە شتەکان حەرامەو جێگەی قسەو باسەو بچوکترین شتی ناو گوندیش ون نابێت بەتایبەتی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان.

هێشتا مەسەلەی گریگۆری‌و ئەکسینیا گەرمە کە کێشەی میتکاو لیزاش هاتە سەری واتا وەزعی ژن لەم رۆمانەدا وەکو خۆی دەگێڕدرێتەوە بەسادەترین شێوە.

پەیوەندی نێوان میتکای هەژارو لیزای دەوڵەمەند وادەکات کە هەرگیز ئەم دوانە بەیەک نەگەن‌و باوکی لیزا دەڵێ بەمیتکا بڵێن بڕواتە دەرەوە هەی کوڕی قەحبە.

واتا نووسەر دەیەوێت بڵێت لەم کۆمەڵگایەدا جنس حەرامە، رابواردن حەرامە، عشقی راستەقینەش هەر حەرامەو هەموو ئۆباڵەکەشی لەملی ژنانە کە پیاوانیش تێدا وەکو ژن تاوانباری سەرەکین.

خیانەت‌و تاوان‌و ناپاکی لەنێوان ژنان‌و پیاوانی ناو ئەم رۆمانە بەردەوام لەکێرڤێکی هەڵکشاو داکشاودایە نووسەر دەیەوێت بڵێ هەردووکیان دوو بونیادی سادەن‌و خیانەت‌و راستگۆیش لەسەر هەردووکیاندا هەیە.

بۆیە چەندە ئەکسینیا ئافرەتێکی خیانەتکارو هەوەسبازو ئابڕووبەرە کە ستێپانی مێردی پیاوی راستگۆو باشە، بەپێچەوانەشەوە چەندە گریگۆری پیاوێکی خیانەتکارو درۆزنەو ئەوەندەش ناتالیای ژنی کەسێکی راستگۆو پاک‌و عاشقە.

بۆیە لەلایەک عشق‌و لەلایەکی تریشەوە خیانەت هەمیشە پاڵ دەنێت بەگریگۆری‌و ئەکسینیا کە دواجار بڕیار بدەن رابکەین‌و رەدووبکەون‌و ئەمیان عشقی پیاوێک‌و ئەویشیان عشقی ژنێک، پاشان هەڵدێن‌و دەچنە ئاواییەکی تری دوور لەگوندەکەی خۆیان‌و دەچنە لای پیاوێکی خانەدانی گوندەکە (مۆخۆڤ)و ئەویش پەنایان دەدات، بەڵام بەناچاری‌و دڵشکاوی ناتالیا گەڕایەوە ماڵی باوکی‌و وتی باوکەگیان لەگەڵ ئەو ژنە نەحلەتیە رۆیشت‌و منی جێهێشت.

ئینسانی کۆمەڵگای کوردی کە ئەم رۆمانە دەخوێنێتەوە جیا لەوە باش لەفەلسەفەی ژیان تێدەگات، بەڵام هەستدەکات ئەم رۆمانە رووداوەکانی لادێ‌و گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستانن بۆ نموونە دەیان کێشەی وا لەگوندەکانی کوردستاندا روویداوە دەیان رووداوی رەدوکەوتنی وا لەقەڵادزێ‌و پشدەر روویداوە، دەیان عشقی وا ناکام خوڵقاوە، سەدان بنەماڵە توشی کێشەو شەڕو قەیران هاتوون بەدەیان ژنیش بونەتە قوربانی‌و سەرلێشواو ماڵ لێتێکچوون.

بۆیە ناکرێت ئینسان وا هەستبکات حیکایەتێک دەخوێنێتەوە بەقەدەر ئەوەی هەستدەکات حیکایەتەکە هێندە لێوەی نزیکترە کە رۆژانە هەستی پێدەکات‌و دڵی دادەخورپێنێ.

نووسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی والیکداوەتەوە کە راستە ئەمە گەر لەکۆمەڵگایەکی ئازادو مۆدێرنیشدا رەنگە ئاسایی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هەستی شخصی ئینسانەکانو شعورو هەستو ناخیان نەخوێندرێتەوەو پەنجە لەسەر ئەو خاڵە دانەنرێت کە ئینسان هەرچی چۆنێك بێت هەمیشە پێویستی بەعشقو عەتفو هەستو سۆزێکی گەورە هەیەو زۆر بەسەرهاتو کارەساتیش وەکو کابوس تامردن لەکۆڵ ئینسان نابنەوە.

بۆیە پێمواییە نووسەر خۆی ویستویەتی رەوتی رووداوەکان وا نیشانبدات کە ئەوە ژنانی کۆمەڵگان هەمیشە توشی ئابڕوچونو کێشەو ستەمو چەوساندنەوە بونەتەوە، جارێك بەدەستی مێردو باوکیانو جارێك بەدەستی خۆشەویستیو براکانیانەوە، بەڵام ئەوە هەر ژنان خۆشیانن کە جگە لەوەی بوونەتە گاڵتەڕی کۆمەڵگا کابوسێکن بەسەر رەگەزەکانی خۆیانەوە بەوەی جارێك حەز لەپیاوێکی تر دەکەنو خیانەت لەمێردەکانیان دەکەنو جارێك کاری لەشفرۆشی دەکەن.

تانوپۆی رووداوەکانی دۆنی ئارام لەسەر قەیرانەکانی ژنان درێژ دەبێتەوە تا ئەو رادەیەی پاش رەدوکەوتنی ئەکسینیا لەگەڵ گریگۆری مێردیدا، ناتالیا هەمیشە لەخەم خەفەتی بەردەوامدایە لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە رووبەڕووی پەلامارێکی میتکای برای دەبێتەوە کە دەیەوێت دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەرو قسەو قسەلۆکی خەڵکی گوندیش هەمیشە ناتالیای دادەوەشاند بەوەی دەیانوت، ئەوە ئەو ژنەیە کە کون کرابوو، بۆیە هەموو ئەوانە کە لەلایەن باوکیەوە بەسەریهاتو لەسەر دەستی براو مێردەکەشی تووشی نەگبەتی زیاترو زۆرتر بووەوە بۆیە بڕیاریدا خۆی بکوژێت.

لەبەشێکی تری رۆمانەکەدا جیا لەوەی باس لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکات باس لەوەش دەکات کە هەر کەسێك ئەندامی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست دیموکراتی روسیا بوایە توشی سزاو لێپرسینەوە دەبوو.

ئەمەش جیا لەوەی بۆچوونی خودی نووسەرە لەسەر مارکسیزمو لینینزم لەهەمانکاتدا واقعی کۆمەڵگای روسیایە.

دیسان نووسەر دەگەڕێتەوە سەر وەفایی ژنو لەهەڵوێستی ناتالیادا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەوە سەرەڕای سۆزانیەتو خیانەتی مێردەکەی، بەڵام ئەوە هەر ئەوانن بۆ هەمیشە بەوەفایی دەمێننێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش کە گریگۆری ناتالیای جێهێشتو ئەکسینیای خۆشەویست، بەڵام کە هەواڵی کوشتنی گریگۆری لەبەرەکانی جەنگەوە هات ناتالیا وتی خۆم دەکوژمو هیچم بۆ نەمایەوە.

بەڵام رووداوەکان هێندە تێکهەڵکێشنو جەنگیش هەموو وڵاتی وێرانکردووەو ئینسانەکانی شێواندوە.

سەرەڕای بەوەفایی ناتالیا، بەڵام دەریای ژنی پیتەری برای گریگۆری بەناتالیا دەڵێ: مێردەکانمان لامان نەبن هەقی خۆمانە ئەملاو لایەك بکەینو ئیتر بۆ نایەی رابوێرین، ئاخر ئەوە دوو مانگە پیتەر لێم دوورکەوتۆتەوە.

ناتالیا هێشتا دڵسۆزو بەوەفایە بۆیە دەچێتە سەر ئەکسینیاو پێی دەڵێ میردەکەم کە لێت داگیرکردووم بۆم بگێڕەوە. ئەکسینیا هەر بەوەشەوە ناوەستێ کە جارێك خیانەتی لەستێپانی مێردی کرد، بەڵکو بۆ جارێکی تر خیانەت

لەگریگۆری مێردی دەکات دەستی لەگەڵ یێسڤیگیندا تێکەڵکرد.

خیانەتی ژنەکان هەر بەردەوامەو ئۆباڵەکەشی لەملی جەنگە.

دەریاش خۆی بۆ خیانەتێکی نوێ ئامادە دەکاتو لەگەڵ ستێپان دەست تێکەڵ دەکاتو چەند شەو بەیەکەوە رادەبوێرن ئەمەش وەکو تۆڵەکردنەوەیە لەگریگۆری.

سۆزانیەتی دەریا دەگاتە ئەوەی کە خەزوری سوار خۆی بکاتو لەکادێنکە قۆبچەی کراسەکەی بۆ دەکاتەوەو پێی دەڵێ وەرە خۆشە.

بەلاَم لێرەدا دەریا واقیعانە دەدوێت بەخەزوری دەڵێ: بۆ پێشتر لێتدام، ئاخر من ساڵێکە مێردەکەم لێم دوورە ئەی لەگەڵ سەگدا بخەوم.

خیانەتی میتکاو ژنەکەی ئەنیکۆشکای یەکێکی ترە لەو خیانەتانەی کە شەوانە بەیەکەوە دەیانکرد.

جیا لەوەی کێشە کۆمەلاَیەتیەکان (پەرەیانگرتوە، رەوشی سیاسی تادێت ئاڵۆز دەبێت. جەنگ بەردەوامە هێرشی سوری بەلشەفیکەکان تادێت پەرەدەستێنێو قەیرانەکان قوڵتر دەکاتەوە.

ناوەرۆکی رۆمانەکە باس لەدوو کێشەی سەرەکی (کۆمەلاَیەتیو سیاسی) دەکاتو دەیەوێت بڵێت کۆمەڵگاش بەهەردوو شێوەکە زەلیلی دەستی ئەو دوو چەمکەیە.

بەلاَم دواجار نووسەر دێت پێمان دەڵێت کە شەڕو جەنگ کۆتایی دێت کێشە کۆمەلاَیەتییەکانیش کۆتاییان دێت. هەر بۆیە ئیتر قەیرانەکان کۆتایی دێن ستێپانو ئەکسینیا دەگەڕێنەوە لای یەك.

بەلاَم دواین ئاکامەکانیش بەکوشتنی پیتەر کۆتایی دێتو شۆڕشی بەلشەفیك بەرەو سەرکەوتن دەچێتو هەر لەوێدا قسە لەفەلسەفەی مارکسیزم کراو تا دەلالەتە لەمانفێستی بەلشەفیکەکان.

دەبێ بوترێت ئەم رۆمانە لەنووسینی میخایل شۆلۆخۆفەو لەوەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیقەو لەبلاَوکراوەکانی خانەی وەرگێڕانە بۆ ساڵی 2005.

